کوێستان
ژمارە ١١
ئاداری ٢٠٠٨



# بەختیار بەمۆ:
# پرۆژە نوێیەکەم مێژووە

ئا : کوێستان

***بەختیار بەمۆ کێیە؟**

- بەختیار محەمەد رەئوف ناسراو بە بەختیار بەمۆ، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی شاوازی سەر بە شارۆچکەی مەیدان/خانەقین کە لە بناری بەمۆ لە دایك بوومە، لە ١٩٨٢ بوومەتە مامۆستا، لە قوتابخانەی ئەمین زەکی بەگی سەرەتایی لە سلێمانی، وانەی هونەر ئەڵێمەوە.

*** مامۆستا بەختیار، بەرێزت پرۆژەیەکی هونەریت چێکردووە لە بناری بەمۆ، ئەگەر بەکورتی باسی پرۆژەکەمان بۆ بکەیت.**

- پرۆژەیەکی نوێی هونەری بەدەستو مەچەکی خۆم، کە گەلەرییەکی هونەریە لە بناری بەمۆ لەسەر گردۆدڵکەیەك دروستمکردووە، دەمێکە کار لەسەر ئەوە دەکەم کە مێژووە، بە ئەرکی سەرەکی ژیانی تاکیو تایبەتی خۆمی دەزانم، هەمیشە وا کارمکردووە کە خۆرسکانەو بێ خەوشو گەرد بێ، یان دوور لە لاساییو چاولێکردن، هەر بۆیەش بە مێژووی دەزانم، چونکە زۆر کەمن ئەوانەی بەو گورو تینەو خۆهیلاککردنو خۆنەویستانەیە ئەم چەشنە کارانە بکەن، بە تایبەت هەنوکە هەموو کەس هەر خەریکی قازانجو قازانجکارین، کەسێك کە کۆمپانیایەك دادەمەزرێنێ هەموو فێڵو سەلیقەو کارامەیی خۆی تێدا بەکاردێنی تەنها ئامانجی قازانجە، هەتا ئەگەر مێژووش لێی زەرەرمەند بێ بە قوربانی دوعا نەبێ بەراستی ئەمە جۆرە بیر کردنەوەیەکە زۆربەی زۆری تاکی کوردی گرتۆتەوە، منی زۆر نیگەران کردووە هەرچی کەسێك دەبینیو هەچ ئیشێکی هەبێ یان هەندێ جار دوو ئیشو سێ ئیش دەکا، بەردێ لێرە ناباتە ئەوێ ئەگەر لەبەرانبەردا پارە وەرنەگرێ ئەوەندە شتەکان تایبەتی بوونەتەوە بەقازانجەوە یەك کەس نابینی ئیش لەسەر مێژوو، کولتور، دوارۆژ، شارستانیو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بکا، ئەمە هەرەشەیەکی ئەوەندە گەورەیە هاوشانی کیمیابارانو ئەنفالکردنو جینۆسایدی کوردە، من وەك مامۆستایەکی هونەر، وەك هونەرمەندێك لە هەمان کاتدا، وەك پارێزەرێکی دەستکەوتەکانی گەلو نیشتمان ئەم ئیشەم بۆ نەوەکانی داهاتوو کردووە. زۆر هیلاکی کردوومو زۆریشم خەرجکردووە. ئەگەر تەنها چەند کەسێك تێبگەن کە ئەم پرۆژەیە بۆچی بە تەنها کەسێکو زۆر دووریشە لە مامەڵە و سەودای وەهاوە کە پارەت دەسکەوێ، گرنگ ئەوەیە خەڵکان تێبگەن ئەم کارە بۆ ئایندەیە، بۆ مێژووی هونەرە بۆ خێرو چاکەیە، بەڵکو قازانجی مەعنەوی تیا بەرجەستە دەکرێ ئێمەی هونەرمەندی شێوەکار هەتا بیر کردنەوەمان نەپیتێنینو هەتا چاومان تێر نەکەین لە بینینی جوانیەکان، هەرگیز بەرهەمی هونەریمان لا گەڵاڵە نابێ، بێ ئەم مەرجانە هەر بەرهەمێکمان هەبێ کرچوکاڵو لەبار چوو دەبێ، ئەم شوێنەی منیش هەڵمبژاردووە، شوێنێکی یەکجار شیاوی ئەو بیرکردنەوەیە، چاوداخستنو چاوکردنەوەیە کە هونەر پێویستیەتی مەبەستم(تێرامانە) هەروەها لە خۆرا بێ بیرکردنەوە ئەم شوێنەم هەڵنەبژاردووە، ساڵەهایەکی زۆرە تەنها خەو و ئەندێشەو بیرکردنەوەی بەردەوامی من بووە، ئەڵبەتە ئەو هونەرە جوانەی لە هەوای ئازاددا، بەرهەم دێت دوور لە چوارچێوەی ژوورێکی تەسكو قەتیسماو، تا چاو برئەکا ئەبینێو تا دەمو سییەکان بیگرێ هەوای پاك هەڵئەمژی تا سەر ئێسقان پڕە لە جووڵە، هەرچی کونی پێستی لەشە وەك فیلی دەریا دەم ئەکاتەوە بۆ ئاڵگۆرکێ، ئەمە خۆی رەچاو کردنی باری تەندروستی تاکە، مرۆڤ پێویستە تێی بگات، بە تایبەت ئێمەی هونەرمەند هەتا تەندروستیمان باش بێ ئەوەندەش داهێنان زۆر دەکەین.

*** چەند ڕۆژت پێ چوو لە دروستکردنی ئەم گەلەرییەدا؟**

ماوەی ٣ مانگو ١٥ رۆژی هاوینی ٢٠٠٧ لە کاتژمێر ٦ی بەیانیەوە تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە لەبەر ئەو سوورە هەتاوەدا، من بە تەنیا ئیشم تیا کردووە، تۆزقاڵێ سێبەر نەبووە تیا بحەسێمەوە، بێ سێبەرو



ئاوی سارد، هەندێ جاریش بێنان، شەوانی مانگەشەویش تا کاتژمێر یەکی شەو من هەر خەریکی ئیش بووم. هەموو جۆرەکانی ئیشکردنی(جۆکەر) ناوێ کرێکاری ناوێ ئاوهێنان لە دوو تاوێکیش دانیشە نا ئەم پڕۆژەیەم دروستکردووە کە بریتییە لەگەلەریەکی (٧م بە٣,٥م)و ژووریکی ئاشپەزخانە (٣م بە٤م)و مشتەمەلاتو گەنجینەیەكو هەندێ ئیشی تری تێدا ماوە، ئەگەر توانیم هاوینی داهاتوو و تەواوی دەکەم پڕۆژەکەشی ٢٠٠م بەرزە بەسەر گردۆلکەیەکەوەیە کەرەسەکانی بیناکەشم کەمەزەندەکراوە تا ٤٠٠تەن مەوادی بلۆك، بەرد، ئاو، گەچ، دەرگاو پەنجەرەم بەشانم هەموویم بردۆتە سەر گردەکە، ئەمە بە دەم زۆر ئاسانە، بەڵام بە ئیش کردن زۆر زۆر گرانە، دوای ململانێیەکی سەختی بەرگەرما، هەتا، ڕەشەبا، پاچ، خاکەناز وەشاندن، بەرد شکاندن و دروستکردنی ڕێگەیەکی ٣٥٠م، هەربەدەستو مەچەکێ کە بۆ ٢٥ ساڵیش دەبێ تەنها خاکەنازو بێڵو پیکم لە دوکانەکانی فرۆشتنی کەرەسەی بینادا دیووە، ئیشێکیش کە تیایدا هیلاك بی زۆر خۆشەویستەو بە متمانەیە جۆرێك لە نەمری تیا دەبینم ئەمەش بەرهەمی خۆشەویستی منە بۆ هونەر! لە هەمانکاتدا هاندەرێکیشە بۆ ئەو خەڵکانەی کە رقیان لە ئیشکردنە، خۆم بەمیتۆدێك ئیشم کردووەو خۆشمدەوێ بە بۆچوونی خۆم پێ دەچێ پێش ئەوەی مرۆڤ بێتە بوون( ئیش) دەمێك بوو چاوەڕوانی مرۆڤی دەکرد، هەتا بەیەکەوە ئوڵفەت بگرن، حەز دەکەم هەندێ وتەشم وەك ئەوەی کە مامۆستام بخەمە ڕوو، ئەڵبەتە مامۆستا ئەبێ لە هەموو کەسێکی تر باشتر بێ لە تێگەیشتنو کۆی ئەو زانیاریو هونەرو لێزانیانەی کە لە دنیای ئێستاماندا هەیە، ئەمە تەنها بە فەرمی ناسینی مامۆستایە. ئەڵبەتە بە کردار ناسینی مامۆستایەتی لە هەر بوارێکا ئەکەوێتە سەر ئەکتیڤ بوونی خودی مامۆستا خۆی تا چەند گەریدەیە بە دوای، لێرەو لەوێ وەرگرتنی زانیاری نوێدا بۆ باشترکردنی باری پەروەردەو خوێندن، من بۆیە ئەم کارەم کردووە بێ یارمەتی ماددیو مەعنەوی هیچ کەسو لایەن، تەنانەت حکومەتیش بۆئەوەی بیسەلمێنم کە خۆشەویستی هونەرو زانیاری هونەری تاکی بە بەرپرسیەتی سەرەکی خۆمی دەزانم دوور لە هەر ئافەرینو پاداشتو ڕوپامایی بۆ هیچ کەسێك، ئەمەو سەرەڕای ئەو هەموو بەشداریکردنەم کە زیاتر لە ٦٠ پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کوردستانم کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، ئەوە شەشەمین پێشانگای تایبەتی خۆشم دەکەمەوە لە پەیکەرتاشیدا، بە دەیان جاریش خەڵاتو بروانامەی سەرکەوتنم لە نەحت، ڕەسم، خەتو پۆستەردا وەرگرتووە، من لەم شوێنەدا زۆر ئاسوودەو سەربەست دەبم دوورە لە جەنجاڵیو پشێوی دەروونی، لێرەوە بەرهەمی هونەریم زیاتر و جوانتر دەبێ، خاوەنیەتی ئەم پڕۆژەیەش گەلو نیشتمانو ڕۆڵەکانیەتی.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت چی بڵێت؟**

- لە کۆتاییدا ئەمەوێ داوا لە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هێژا بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەم کە دەست ئاوەڵام بکەن، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی گشتی هەموو گەلو ئامانجی تایبەتی هونەری بۆ گەورەکردنی زیاتری پێگەی ئەم خولیا گەشاوەیە، هەروەها یارمەتیدانی من ئەتوانم ئەم پڕۆژەیە بکەم بە پەیمانگەیەکی شێوەکاری ڕووتو بۆ هەموو لایەکی کوردستان سوودی هەبێ بۆ هەموو هونەرمەندێکی ئەم گەلە.

